ئایا هەواڵتان پێبدەم سەبارەت بە باشترین شاهێدیدەر؛ ئەوەی شاهێدیەکەی دەدات پێش ئەوەی پرسیاری لێبکرێت

لە زەیدی کوڕی خالیدی ئەلجوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا هەواڵتان پێبدەم سەبارەت بە باشترین شاهێدیدەر؛ ئەوەی شاهێدیەکەی دەدات پێش ئەوەی پرسیاری لێبکرێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پلەوپایە وفەزڵی ئەو کەسە دەردەخات کە خۆی شاهێدی دەدات پێش ئەوەی داوای لێبکرێت کە شاهێدی بدات، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر خێر وچاکێتی چونکە شاهێدی دەدات بۆئەوەی مافەکان بپارێزێت، وئەم فەرموودەیە لێکدانەوەی بەم شێوەیە ئەگەر خاوەن مافەکە سەبارەت بە ئەم شاهێدیە هەقە نەزانێت یان لە بیری چوو بێت، ڕێگەپێدراوە شاهێدی دەرەکە دەستپێشخەری بکات وشاهێدی بدات بە بێ ئەوەی داوای لێبکرێت، وئەمیش باشترین شێوەیە بۆ کۆکردنەوە وتێگەیشتن لە نێوان ئەم فەرموودەیە وئەو فەرموودانەی سەرزەنشتکردنی شاهێدیدەری تێدایە پێش ئەوەی داوای لێبکرێت کە شاهێدی بدات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64691